**عەتا ڕەحمەتی : نامانهەوێ کۆمەڵە بەرەو نەتەوەیی بوون بەرین**

25:09:31

**کۆمەڵە یەکێک لە ئێختلافەکانی لە تەک هێزە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان ئەوە بوو کە نابێ ژێربەژێر دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئێسلامی بکەن. دەبێ دانیشتن بە ئاشکرا و لە بەرژەوەندی خەڵک دا بێت.**

**خۆرهەڵات نیوز:** ماوەیەک لەمەوبەر، ژمارەیەک لە کادیر و پێشمەرگەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لقی کوردستانی ئەو حیزبە (کۆمەڵە) خۆیان وەک فراکسیۆنی فەعالییەت بە ناوی کۆمەڵە ناساند و لە ڕاگەیاندراوێکیشدا ویست و داخوازی و ئامانجەکانی خۆیان خستە ڕوو. لە کۆنگرەی 13ی کۆمەڵە دا هیچ بڕیارێک لەسەر ئەو فراکسیۆنەدرا و بڕیار دان لەسەر ئەو بارەتە خرایە ئەستۆی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمەنیست.

بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەگەڵ بۆچوونو ئامانجەکانی پێکهێنەرانی ئەو فراکسیۆنە، دیمانەیەکمان لەگەڵ "عەتارەحمەتی"، ئەندامی فراکسیۆنی فەعالیەتبە ناوی کۆمەڵە، پێک هێناوە. ئەمەش دەقی دیمانەکەیە:

**پ) سەر هەڵدانی ئەمرەوتە و بیرۆکەکانی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ واتا کورتە مێژووی ئەم رەوتە وبیرۆکەکانی.**

ئەوەی ڕاستی بێ وەکوو کورتە مێژوویە ک بمهەوێ ئەمە باس کەم، سەرهەڵدانی بیرۆکەیێک بەناوی ئەوەی کە چیتر بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە کار نەکەین و بە ناوی کۆمەڵەوە کار بکەین جا چ لەچوارچێوەی ئێران دا بێت یان لە چوار چێوەی کوردستان دا. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمانێکی کۆنتر، تەنانەت بۆ سەردەمانێک کە حیزبی کۆمۆنیست لە ئێران دروستبوو وچون لە ناو ئەم فراکسیۆنە کەسانێک هەیە کە کاتی خۆی لە دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیست لە ئێران دا، موخالیفی دروست کردنی حیزبی کۆمۆنیست بووە و رەئیی مەنفی پێ داوە. ئەم بیرۆکەیە هەبوو بەڵام دیارە دواتر بە پێی بارودۆخێک کە بە سەر کۆمەڵە حاکم بووە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تەشکیل بووە و زۆرینەی تەشکیلات موافق بوون لە سەر ئەوەی کە بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە کار بکەن  ئەم بیرۆکەیە کەم رەنگ بۆوە و دەنگ وباسێکی نەبوو هەتاکوو ئینشعابی "کۆمۆنیزمی کارگەری" لە کۆمەڵە.

دوای ئەوەی کۆمۆنیزمی کارگەری لەکۆمەڵە ئینشعابیان کرد و تەقریبەن زۆرینەشیان لەگەڵ بوو و زۆرینەی تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیست و زۆربەی کادر و ئەندامانی کۆمەڵەیشیان لەگەڵ کەوت و ڕۆیشتن.ئەو کات ئیتر ئەم بەحسە جدی تر دێتە ئاراوە کە چیتر ئێمە بۆ ئەو حیزبەی کەئەوانە پێکیان هێنا و لە حیزبەکەمان ڕۆیشتن فەعالییەت نەکەین, با ئێمە بەناوی کۆمەڵەوە فعالییەت بکەین و زەرفیەتمان هەر ئەوەیە. ئێنێرژییەکە بەدوو جەریان سەرف نەکەین کە هەردووکیان یەک شتن و یەک ناوەڕۆکیان هەیە بەڵامبە دوو ناوەوە کار دەکەن و هەڵگری

ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن بۆ ئێمە سەنگینەو چی تر ناتوانین بەو ناوەوە کار بکەین. بەڵام ئەو کاتیش هەر بە پێی هەل ومەرجێک کە مەوجوود بوو و ئیسا بە بازی سیاسی ناوی بنێین یان بۆ رقابەتی ناو جەریانێک کە ماوە لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا و لەگەڵ کۆمۆنیست کارگەری نەچوو یان هەر جۆرێک. ئەم بیرۆکەیە نەیتوانی دیسان زاڵ بێت و بە ناو کۆمەڵەوە فەعالییەت بکەن ساڵانێکی بە سەرا چوو بەڵام کەماکان ئەم بیرۆکەیە هەر لە ناو کۆمەڵەو لە ناو ئەندامانی رێبەری کۆمەڵە و لە بەدەنەی تەشکیلاتیش دا ئەم بیرۆکەیەمەوجوود بوو چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە، کە چیتر ئێمە بە ناو حزب کۆمۆنیستی ئێرانەوە وەک ئەو قاڵبە کار نەکەین. بەڵام دێت تا کاتێک کەئینشعابی دووهەم لە کۆمەڵە دروست دەبێت و جەریانی زەحمەتکێشان(سازمانی زەحمەتکێشانی) لێ جیا دەبێتەوەو عەبدوڵا موهتەدی دەبێت بە هەڵگری ئەو شوعارە و بە ناوی ساخ کردنەوەی کۆمەڵە دەست دەکات بە فەعالییەت و بەهەر حاڵ بینیمان کە ئەو حیزبی وای دروست کرد و بەڵام نەیتوانی ببێت بەو کۆمەڵەی کە ئەلان کەسانی فراکسیۆن دەیانهەوێت یان سەرجەم تەشکیلاتی کۆمەڵە دەیانهەوێت. یانی تەشکیلاتیکۆمەڵە کە بوو بە سونەت و پرانسیپەکانییەوە هەبوو. کاک عەبدوڵا موهتەدی نەیتوانی ئەو سیاسەتانە جێ بخات و پرۆژەکەی شکەستی خوارد لەبەر چی؟ لە بەرئەوەی ئەو نەیتوانی هەموو ئەو کەسانەی کە لەسەر ئەو بیرۆکەیەن کە بەناوی کۆمەڵەوە فەعالییەت کەن، لەگەڵ خۆی هاو سوویان بکات. چون جیاوازی دیدگایان بووە و دواتریش دیتمان دوای چەن ساڵێ لە ئینشعاب مەعلووم بوو کە ئەو دیدگای کەرفێقەکانی ئێمە هەیانە سەبارەت بە کۆمەڵە وەکوو جەریانێکی سۆسیالیست و چەپلە کوردستان دا دەناسن، ئەوە نەبوو و برێک حەرەکات و برێک سیاسەت گەل غەڵەتی ئیجاد کرد کە بووە هۆی تەنانەت ئینشعاب گەلێ لە ناو خۆیا، مەوجب بوو کەس گەلێکە پشتیوانییان لێ دەکرد لەگەڵی نەمان و پشتیان چۆڵ کرد. ئەمە تا ئەو کات هاتبەڵام دوای ئینشعابیش کە ئەم بیرۆکەیە هەر مەوجوود بوو دیسان لە بەر وەزعییەتێک کە بە سەر کۆمەڵە دا هات، لەبەر ئەوەی بەر بە دیسان جیا بوونەوەییێکی تربگرن و کۆمەڵە کە تووشی ئەو قەیرانەبووگە هەوڵ بدەن لەو قەیرانە دەری بێرن نەک زیاتر تووشی قەیرانی بکەن. تەقریبەندەکرێ بڵێین سکوتێکیان کرد. بەڵام بەم مەعنا نەبوو کە بڵێین دەستیان لە فکرییەتەکەیانهەڵگرتووە. کەماکان پەیگیر مەسایلەکانیان بوون ئیسە هەر چی گەر بە نەرمەنەرم و ئاهێستە ئاهێستە بوو بەڵام پەیوەستە بوو.

بە هەر حاڵ قەرار بوو دوای کۆنگرەی 9 کونگرەیێکی فەوقەلعادە بگرێتۆ بۆ ئەو مەسەلەیە بخرییێت بە لاییکا. بەڵام کۆنگرەی فەوقەلعادە نەگیراو کەماکان ئەم بیرۆکەیە هێشتا مەوجوود بووە. دوایی لە کۆنگرەی 10 دیسان ئەم بەحسانە سەریان هەڵداوە و قسەی خۆی کرد بەڵام لە لایان زۆرینەی تەشکیلاتەوە بەربەرەکانێی لەگەڵ کرا و بێژیاکە ئێمە (ئەو کەسانەی کە وا دەکەن) هیچ فەرقێکیان لەگەڵ عەبدوڵا موهتەدیدا نییە و پەیرەوی ئەم فکرییەتەن و ئەمانە. ئەمانە درێژەی کێشا تا کۆنگرەکان،دواتر دیمان لە کۆنگرەیێکا رفێقەکان نەچوونە رێبەرییەوە و لە کونگرەی دواتردا دیسان وارد رەهبەری بوونەوە .بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دا نیشانە گەلێ لەوەبوو کە لە لایان زۆرینەی تەشکیلاتەوە مومکێنە(ناڵێم 100% وایە بەڵام مومکێنە)کە هەوڵ

و تەقالاییێک هەیە ئیسا ئەگەر لە لایان ئەو زۆرینەیە هەموویانەوەنەبێ بەڵام کەسان یان خەتێکی تیایە کە هەوڵ ئەدا کە ئەو بیرۆکەیە لە ناوتەشکیلاتا دەربکا یان حەزفی بکا. ئەوە بوو ئیتر ئەم رفێقانە بەو نەتیجە گەییشنکە چیتر بە قسەی ئەم لا و ئەو لای نەکەن و لە چوارچێوەیێکا خۆیان یەک بخەنو جدی تر بێنە مەیان لە نەتیجەی ئەوا ئێعلام فراکسیۆن کرا.

**پ) بە چ ناوێک ئەمفراکسیۆنە دەستی بە کار کرد؟**

ئەگەر لە راگەییێنراوەکانا دیبێتتان فراکسیۆنەکە ناوی فراکسیۆنی فەعالییەت بە ناوی کۆمەڵەیە و پلات فۆرمێکی داوە و لەو پلات فۆرمە تەوزیحاتی خەتی سیاسی و ئیستراتێژی دوا رۆژی خۆی دیاری کردوە. چەندین پرسیاری موهیمی هاورگەسەبەرۆ کە یەکێ لەوانە ئەوەیە کە مەترەحی ئەکا لە سەر سۆسیالیزم، باس لەسەرسۆسیالیزم ئەکا و ئەو سواله لە تەشکیلات مەترەح ئەکا کە ئێمە لە کوردستانچۆن دەتوانین سوسیالیزم پیادە بکەین؟ ئایا کوردستان سەنعەتییە؟ ولاتێکە کەدەکرێت ئێمە ئینقلابێکی جەماوەری سوسیالیزمی تیا پیادە بکەین؟ ئایا سۆسیالیزمەو ئاسانییە پیادە دەبێت؟ ئەوە یەکێک لە تەقریبەن بڵێم سەرەکی ترین خاڵەکانەکە ئێستایش لە لایان زۆرینە موتەهەم دەکرێین بە ناسیۆنالیزم . بەڵام بە گشتیناوەکەی ئەوەیە، فەعالییەت بە ناوی کۆمەاڵە، لە ژێر ناوی کۆمەڵە.

**پ) ئەو فراکسیۆنەدەیهەوێت کۆمەڵە بەرەو نەتەوەیی بوون بەرێت یان کوردستانی بوون؟**

ئەوەی راستی بێ فراکسیۆن یانی ئەم رفێقانە نایانەویکۆمەڵە بەرەو نەتەوەیی بوون بەرن چون کۆمەڵە رەوتێکی ئیجتماعی موشەخەسەلە جامعەی کوردستان و ئەگەر کەسێک تاریخچەیکوردستانی لەم چەند دەیە موتالعە کردبێت دەزانێ کە جەریانی چەپ و کۆمۆنیستلە کوردستان دارای جێگە و پایگایێکە و نوێنەرەکەیشی کۆمەڵە بووە. لە جێ خستنی بیرۆکەکە و بەرەو پێش بردنی، و چ ئەوەی کە ئەمرۆ لە چوارچێوەی کوردستان دادەبینین فکری چەپ لە هەموو فکرێک زاڵترە یانی فراکسیۆن نایهەوێت کۆمەڵە بەرەونەتەوەیی بوون بەرێت. بەڵام حاشاش لەوە ناکات دەبێت وەکوو هێزێکی سۆسیالیستروشن تر و شەفاف تر لە هەمیشە کە تا ئێستا کۆمەڵە بوویەتی لە رابتە لەگەڵچارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستان دا ئەبێ فەعالییەت بکات واتادەبێت بەرنامەی موشەخەسی هەبێت، چۆن دەیەوێ مەسەلەی نەتەوەیی حەل بکات؟بەرنامەکەی موشەخەس بکات و بە جەماوەری کوردستان رایبگەیێنێت و ئەو هیز وتوانابییە کە لە ناو خەڵک دا هەیە بەتایبەت هێزی چەپ وەک جاران لە دەوریخۆی کۆ بکاتەوە و بتوانێ وەکوو هێزێکی سۆسیالیست مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستاندا حەل بکات.

دیارە کۆمەڵە لە کوردستان خاوەن پێگەیێکی ویژەیەو ئەمە بۆ کەس ئینکار ناکرێت، نەدۆست و نە دوژمن ئەمەی پێ ئینکار ناکرێت. بەڵامئەوەی کە دەمانەوی کوردستانی بین یان ئێرانی، ئێمە پێمان وایە (فراکسیۆن پێیوایە) ئێمە جارێ ئێنێرژی و توانایی مان لە چوارچێوەی کوردستان دایە و یانی دەتوانینلە کوردستان فەعاللیەت بکەین. بەڵام لە داهاتوو ئەگەر توانیمان کوردستان بەتایبەت کوردستان کە لە هەل و مەرجێکی تایبەت دایە و دەبینین لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئێسلامییەوە قەت قەت کۆڵی نەداوە و هەمیشە وەکوو داگیر کەر چاویلە کۆماری ئیسلامی

کردووه و ئێستاش دەبینین ئەنواعی بزوتنەوه لە جامعەی کوردستاندا هەیە و مەسەلەی نەتەوەییش هەیە و بۆ حەل کردنی ئەمانە خەڵک هەوڵدەدەن. دەی کۆمەڵەش وەکوو هێزێکی سۆسیالیست وەکوو هێزێکی رادیکاڵ و چەپ وەزیفەیەتیرۆڵی خۆی بگێڕێ. بەڵام بەو مەعنا نییە کە حەرەکەتێک لە ئێران دا حەرەکەتێکی چەپ و سۆسیالیستی عەداڵەت خوازانە هەبێ پشتیوانی لێ ناکات بەڵکوو تا جێگەیێک کە بتوانین و هەموو هەوڵو تەقالاشمان ئەوەیە ئێمە پشتیوانی حەرەکەتێکی عەداڵەت خوازانەی بەشەکانی تری ئێران بین. بەڵام ناتوانین حاشالەوە بکەین کە جەوی کورستان، جەوی ئینقلابی کوردستان جیاوازە لەگەڵ بەشەکانی تری ئێران و ناکرێ کوردستان هەر چاوەڕوانیئەوە بێت بزانێ ئایا لە ئیسفەهان یان تاران حەرەکەتێک بە وجوود دێت ئێمەش لەگەڵ ئەو حەرەکەتە بکەوین. هەموو رووداوەکان ئەوە بە ئێمە دەسەلمێنن کە کوردستان چیتر ناتوانێ چاوەڕوانی لایەنەکانی تری ئێران بێت. دەبێت لە هەمووڵەحازێکەوە بێتە مەیدان و خۆی رێک بخاتو دواتر ئەگەر سەرکەوتنێکیشی بە دەست هێنا حەتمەن کوردستان باوەشی ئاواڵەدەبێت بو هێزە چەپ و رادیکاڵەکانی ئێران و دەتوانن بێن و لە کوردستان دا بحەسێنەوە.

**پ)کاک عەبدوڵا موهتەدیئەو کات کە جیا بۆوە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی دروست کرد ئەویش دروشمەکانی هاوشێوەبوو لەگەڵ دروشمەکانی ئێستای فراکسیۆن. بەڵام ئەو هەندێک باسی نەتەوەیی بوونیدەکرد واتا کۆمەڵەی بەرەو نەتەوەییبوون دەبرد وەکوو دیتمان لە راگەیاندنەکانییان دا بۆ وێنە سرودی ئەی رەقیبیان بڵاو دەکردەوە بەڵام دواتر گەڕانەوە سەر دۆخی جارانیان. ئێوە جیاوازیتان لەگەڵ ئەم رەوتەی کاک عەبدوڵا چییە؟**

ئەوەی راستی بێ ئینشعابی کاک عەبدوڵاموهتەدی راستە بە شوعار گەلێکی رازاوە و شیرین و زەریفەوە دەستی پێ کرد بەڵامهەر کەسێک تاریخچەی کۆمەڵە یان کوردستانی خوێندبێتەوە دەزانی کە کۆمەڵەهێزێکی چەپ و سۆسیالیستە و بە ئاسانی کەسێک یان لایانێک ناتوانن بە لاڕێی دا ببەنئەو کات ئەو جەریانەی کە رەگەڵ کاک عەبدوڵا کەوت ئەوان هەوڵ و تەقالایاندا بەو شوعار گەلە کە رازانیانەوە و لە سەرەتاکانەوە بۆ ئەوە بوو کەتەیفێکی کۆمەڵە رەگەڵ خۆیان بخەن. لە سەرەتاکانەوە تۆزێک سەرکەوتوو بوونبەڵام دواتر بینیمان کە ئەم جەریانە کامڵەن وەکوو وتتان بە پێ ٓچەوانەی سیاسەتەکانیتا ئەو کاتەی کۆمەڵە واردی سەحنە بوو. وەک وتتان سرودی ئەی رەقیبیان دانا،هەروەها بە هاتنی ئامریکا بۆ مەنتەقە ساز و دەهۆڵیان بۆ لێ دا، لە سلێمانینشەستی ژێر بە ژێریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کرد کە تا ئەو کات بێ سابقە بوولە تاریخی کۆمەڵە، بە حیساب کۆمەڵە یەکێک لە ئێختلافەکانی لە تەک هێزەناسیۆنالیستەکانی کوردستان ئەوە بوو کە نابێ ژێربەژێر دانیشتن لەگەڵ کۆماریئێسلامی بکەن. دەبێ دانیشتن بە ئاشکرا و لە بەرژەوەندی خەڵک دا بێت. من هەرچەندەقسە و باس زۆر هەیە لەسەر جەریانی کاک عەبدوڵا موهتەدی بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم کە کاک عەبدوڵا موهتەدیبۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆی یان بۆ بەرژەوەندی سازمانیی خۆی هەڵگری بڕێکشوعار و فاکتە. جیاوازی ئێمە ئەوەیە کە یەکەم، بەرژەوەندی خەڵکی کارگەرو زەحمەتکێشی کوردستانە و بە گشتی کۆمەڵەیە نەک بەرژەوەندی تاکە کەس.بەڵام ئێمە

جیاوازییەکانی سازمانی زەحمەتکێشانمان لەگەڵ کۆمەڵە بینی. کۆمەڵەقەت قەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی واردی سازش نەبوو کە ئەو (کاک عەبدوڵای موهتەدی)لە سلێمانی بە دزی خەڵکەوە تەنانەت بە دزی بەشێک لە ئەندامەکانیشی دانیشتنی لەگەڵ دوژمن کرد. ئەمە زەربەیێک بوو کە پێش هەموو شتێک لە خۆیانی دا، ئەواندەیانهەویست تاریخی کۆمەڵە لەکە دار کەن. بەڵام خۆ کۆمەڵە هێزێک نییە کەکەسانێک بتوانن بە لاڕێی دا بەرن. بۆمەسەلەی نەتەوەیی بوونیش سەرەتا ئەمانهاتن بە شوعاری چەپ و کۆمۆنیستییەوە وارد بوون کە بۆیانی نەگرت، هاتن و لە دەریچەینەتەوەییەوە داخڵ بوون. دیارە لە دەریچەی نەتەوەیییەوە ئەگەر تۆ بتهەویتەنیا لایانی نەتەوەیی لە نەزەر بگری ئەوە لایانی ناسیۆنالیزم نوێنەری خۆیهەیە کە ئیتر ئەگەر بێتە گۆڕەپانی سیاسی ناتوانێ بڵێ کە من 30 ساڵ ئیشتبام کردوە، 30 ساڵ غەڵەتم کردوە. ئەمە سەرەکی ترین جیاوازی ئێمەیە لەگەڵ عەبدوڵاموهتەدی .لە ئایەندەش دا حەتمەن دەبینین کە ئەگەر کاک عەبدوڵا موهتەدییان ئەو جەریانەی کە پشتیوانی لێ دەکات بێنەوە لای ئێمە، فراکسیۆن حاشایان لێ ناکات. ئەوانە زۆربەیان کەسی کۆمەڵەن و دەتوانن ببن بە کەسی کۆمەڵە.بە شەرتێک کە بەرژەوەندی سازمانی و فرقەیی لە نەزەر نەگرن. بەرژەوەندیخەڵک وبە گشتی بەرژەوەندی کۆمەڵە لە نەزەر بگیرێت. کۆمەڵێک شتمان مومکینەوەک یەک بێت بەڵام ئایا لە عەمەلیش دا وایە؟

**پ) کاک عەتا بێینەوەسەر باسی حیزبی کۆمونیستی ئێران ، زۆرینەی رێبەری هەڵویستیان دەربارەی دروستبوونی ئەم رەوتە چییە؟**

لە دیدگای فراکسیۆنەوە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شتێکی جیاواز نییە لەوەی کە کۆمەڵە هەیە. هەمان کۆمەڵەیە بە دووناوەوە، زۆر بەداخەوە کە ئەوە باس دەکەم، من وەکوو کەسێک کە باوەڕم بەسۆسیالیزم و کۆمۆنیزمە بە داخەوەم کە حیزبی کۆمۆنیزمی ئێران نەیتوانی ببێت بەحیزبێکی کۆمۆنیزمی، حزبێک کە نوێنەری تەبەقەی کارگەر بێت. زۆرینەی دامەزرێنەرانیئەو حیزبە ڕۆیشتن و لێی جیا بوونەوە و ئێستاش خۆ ناکەن بە ساحێبی ئێستای و نەبۆ ئایەندەش بەرنامەییێکیان بۆی هەیە و زۆربەشیان خوازیاری ئێنحیڵالین. بەڵام ئەوەی کە هەڵویستیان چ بووە بەو تەوزیحاتە کورتەی کە دام باشتر وایە بڵێینزۆرینەی کۆمەڵە هەڵویستیان چ بووە. وەک پێشتریش باسم کرد، پێشتر هەوڵ و تەقالاییک هەبوو بۆ ئەوەی کە ئەم بیرۆکەیە دلێت بکرێت و ئەم بیرۆکەیە نەمێنێت. بەڵامئەمە بیرۆکەییێک بوو کە نەدەکرا بە ئاسانی دەری بکەی چون لایانگری هەیە وکەسی خۆی هەیە. هاوڕێیانی فراکسیۆنیش کە هەستیان بەوە کرد بۆیە فراکسیۆنیان ئێعلام کرد کە بەر بە جیایی و ئینشعاب بگرن. ئەڵبەتە بە خۆشحاڵییەوە لایانیزۆرینەی کۆمەڵە لە کۆنگرەکەی دا، هەردوو لایەن، زۆر بەحسەکانیان شەفاف وسیاسی کرد. کۆنگرە دوور بوو لە هەر نەوع پەرخاشگەری و بێ حورمەتی کردنێک کەمەعموولەن لە برێک لە حیزبە بوورژوازی یان ناسیۆنالیزمەکان دا هەیە کە بەمەحزی دەرخستنی بیری جیاواز، ئەکێشێت بە شوێنێکی جنێو فرۆشی و شەڕ تەنانەت تەقەکردنیش لە یەکتر، بینیومانە لە ئەحزابی ناسیۆنالیزم و بورژوایی دا کە کێشاویەبە تەقە کردنیش دا بەڵام ئەگەر لە ئایەندەدا وەکوو بەڵێن دراوە بەحسەکانی کونگرەی 13ی کۆمەڵە بڵاو بکرێتەوەدەبینرێت کە چەندە

بەحسەکان جیاوازن لە یەک و چەندە ئیختلافی ستراتێژیک وئیختلافی سیاسی هەیە ئەما چەندەش دۆستانە و رفیقانە دوستەکانی ئێمە بەحسەکانیان بەرێوە دەبەن و هیچ نوع کۆنتاکتێک روو نادات و هەموو لاییک هۆشدار دەدات کەئەگەر کەسێک بیهەوێت کۆنتاکت پێش بێنێت ئەوە جێگەی لە ناو کۆمەڵە نییە.بەلاَم هێشتا نەوعە کەس نەک وەکوو سیاسەتی زۆرینەی تەشکیلاتی کۆمەڵە، تاکەکەسانێک هەن لە ئاوی لێڵ ماسی دەگرن و دەیان هەوێت لەو کەش و هەوایە خۆ مەترەح کەن یان بە هەر حاڵ بە نان و نەواییک بگەن برێکقسەی توند و تیژ دەکەن یان بێ حورمەتیش دەکەن. بەلاَم فراکسیۆن ئەو نەوعەبەر بەرەکانییە لەگەڵیان ناکات و کەماکانخوازیاری ئەوەیە کە لە جەوێکی ئارام و موسالمەت ئامیز دا بەحسەکانیان ببەنەپێشەوە و زیاتر جەوێک پێک بێنن بۆ هاوکاری،ئومیدوارم و فراکسیۆنیش ئومیدوارە کە تەشکیلاتی کۆمەڵە مەیان نەدا بە کەسکە ئەو تەپڵە لێ بدەن، یانی بەو توندوتیژانەدەیانەوێ هاورێکانی خۆیان لە حیزبەکە برۆن، هیچ قازانج ناکەن و دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی کۆمەڵە و چاوی خەڵکی کوردستانەوە بۆیە بە گشتی دەتوانین بڵێین زۆرینە بەرخوردیان باش بوو بەلاَم ئەمە بەو مانا نیەکە رازی بین هەرچەندەئەو کەسانەی بە شێوەی توندو تیژ بەرخورد دەکەن لە ناو کۆمەڵە کەمن هیوادارین کەمتریش ببنەوە.

**پ) کۆنگرە فراکسیۆنی بە رەسمی ناسی؟**

و) ئەوەی راستی بێ تا ئەو جێگەیمن ئاگادار بم چون من لە بەشدار بووانی کۆنگرە نەبووم بەلاَم بە هۆی رابتەییک کە لەگەڵ هاورێیانم هەمە زۆریان هەن هاورێیانم لە فراکسیۆنن، هاورییانێک کە زۆرینەن و لە هەمووڵاییک کە قسە و باسم ژنەفتگە، دەڵێن کە لە کۆنگرە تەسمیم وا گیراوە کە کۆنگرەی13 وەکوو فراکسیۆن قەبووڵی نەکردوە و وەکوو ئەقەلییەتێکیش ویٖفقی داوەتۆ بەپلونۆمی کومیتەی مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دەبێ لەو پلۆنۆمەدا بە رەسمی ناسین یان نەناسینی فراکسیۆن تاوتوێ بکرێ و لە ئەنجام دا دەکرێ بڵێین لە کونگرەییکی گەورە دا داواکاری فراکسیۆن سەوق دراوە بەرەو پلۆنۆمێکی بوچکتر. بە پلۆنۆمێک کە ئێمە پێمان وایە هەر کۆمەڵەیە سەوق دراوە بەرەو ئەوێ و تائێستا جوابێک نیە و پلۆنۆم نەگیراوە و ئێمە چاوەروانی ئەوەین کە بزانین پلۆنۆمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چۆن بەرخوردێکی ئەبێت لەگەڵ فراکسیۆن دا.

**پ) تا ئێستا هیچ لایانێکی سیاسی یان کەسایەتی پشتگیرییان لە فراکسیۆن کردوە؟**

و) وەکوو سازمان یان ئەحزاب ئەوەپشتیوانی راستەوخۆیان لە ئێمە کردبێت، راستییەکەی شتی وا نەبوە. بەلاَم دیارەوەکوو تاکە کەس تەیفێکی یەکجار زۆری بەرینی کۆمەڵەن کە ئەمانە لە رۆژەسەختەکاتی کۆمەڵە بەشدار بوون و خشت بە خشتی دیواری کۆمەڵەیان لە سەر یەکناوە و کۆمەڵەیان کرد بە کۆمەڵییک کە ئەمرۆ هەموو کەس تەنانەت ئەوەی کەبۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیشی دەیهەوێ ئیستفادە لە ناوی کۆمەڵە بکات، زۆرزۆر لەو کەسانە چ لە دەرەوە چ لە ناوەوە پشتوانییان کردوە لە فراکسیۆنو برێک لایان هاتوون بەشێوەیێکی ئۆپۆرتۆنیستانە راگەیاندنیان داوە و پشتیوانییانکردوە. بەلاَم تۆ ئەگەر دقەت بکەی لە

پشتیوانییەکانیان دەبینی کە دیسان لەوێخەریکی زەربە لێدانە لە لایانی موخالفی خۆی و دەیهەوی بە ئیعلامی ئەوەی کە پشتیوانی لەفراکسیۆنی کۆمەڵە دەکات زەربە لە تەشکیلاتی کۆمەڵە بدرێت لە واقع دا دەیهەوێ بڵێت من راستم کردوە و حەقیقەت منم لە حاڵێک دا هیچ بەرژەوەندییێکی گشتی لەبەرچاو نەگیراوەو تەنیا لایەنێک وەکوو سازمان یان حیزبەکان ئیستفادەی سازمانییان کردوە و دەنا وەکوو سازمان پشتیوانی نەکراون بەڵام وەکوو تاکە کەس بە خۆشحاڵییەوە تەیفێکی یەکجار زۆریکۆمەڵە و تەنانەت غەیرە کۆمەڵەیش کە عەلاقەمەند بوە بە تاریخچەی کۆمەڵەکە فراکسیۆنی بینیوە پشتیوانی دەربڕیوە و کەس هەیە کە لایانگری ئێمە بکات.

**پ) کۆمۆنیزمی کارگەریکەرتێکن کە لە ئێوە جیا بوونەوە، ئەمرۆ لە هەموو تریبوونەکانیانەوە دژی فراکسیۆن قسە دەکەن. هەڵوێستی ئێوە بە گشتی وەکوو کۆمەڵە و بە تایبەتیش وەکوو فراکسیۆن بەرامبەر بەوانە چییە؟**

ئەوەی لە پرسیارەکەتان دا مەترەحەکۆمۆنیزمی کارگەری با بڵێین "حکمەتیستەکان"، جەریانێک بوون کە لە کۆمۆنیزم کارگەری جیا بوونەتەوە بەڵام خودی کۆمۆنیزم کارگەری حیزبێکە کە کاتی خۆی کۆمۆڵەیبە ناسیۆنالیزم موتەهەم ئەکرد زۆرینەی تەشکیلاتەکەی لەگەڵ خۆی خست، ئەڵبەتەبە دەلیلی بارودۆخێک کە ئەو کات هەبوو. دواتر ئەو زۆرینەیە لەگەڵیان نەمایانی ئەو کەسانەی کە دڵسۆزی کۆمەڵە بوون بەرەو لای کۆمەڵە گەڕاونەتەوە.ئەمرۆش چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کەسانێک کە خەم خۆری کۆمەڵە بن، کەسی خەمخۆری کۆمەڵەییش کەماکان لەو جەریانەدا مەوجوودن و مومکینە لە داهاتوو دا رەوتیرووداوەکان ناچاریان بکات بەرەو لای کۆمەڵە بگەڕێنەوە. بەڵام ئەوەی کەدستیان کردوە بە قسە کردن بە فراکسیۆن و ئەمرۆ دیسان بەهانەییکیان بە دەستکەوتوە بۆ جنێوفرۆشی و ئەدەبیاتێک کە تەنیا خۆیان ئیستفادەی لێ دەکەن و ئینسانبە راستی دەبینێت لە ئێران و لە کوردستانیش دا رەوتێکی تری ئاوا مان نییە کەبەو شێوەیە هەڵویستی سیاسی بنوێنی من بە راستی موتەئەسفم کە ئەوانە کەسیشیان تێدایە کە کاتی خۆی بەشدار بوون لە رۆژە سەختەکانی کۆمەڵە و گوێ دەگرن لەلیدێرەکەیان و لیدێرەکەشیان چاو دەقووچێنی و هەرچی لە دەمی دێتە دەر نەکبە دژی فراکسیۆن بەڵکوو بە بەهانەی فراکسیۆنەوە حەملە دەکاتە سەر سەرجەم تەشکیلاتی کۆمەڵە، تەشکیلاتێکە کە خۆشەویستە لە ناو خەڵک دا، تەشکیلاتێکەکە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات. ئەمان بە بەهانەی ئەوەی کە فراکسیۆن رایگەیاندوەگوایە قسەیان پێیە و بەو ناو ئەوەوە هاتوون کە دفاع لە کۆمەڵەی کۆمۆنیستدەکەن، بەڵام ئەگەر قسەکانتان گوێچکە دابێت دەبینن کە ئەمانە بە شێوەی یەکی ئیفراتی کە هەر رەوشی خۆیانە دەستیان کردوە بە تەوهین و بێ حورمەتی کردن تەنیابە فراکسیۆنیشەوە نەوەستاون و دەست دەکەن بە بێ حورمەتی کردن بە زۆرینەتەشکیلاتی کۆمەڵە کە ئێوە بۆ بێ شەهامەتن و زوو ئەمانە دەر ناکەن. گوایائەگەر کۆمەڵە بێت و شەهامەت بە خەرج بدات و هاوڕێیانی دێرینەی خۆی لە کۆمەڵەدەر بکات، ئەوە بە قازانجی تەبەقەی کارگەری کوردستان تەواو دەبێت. غافڵ لەوەیکە هەر نەوعە جیایی و ئینشعابێک بەراستی دڵ ساردی دروست دەکات. ئەوەی کە هەڵویستی فراکسیۆن چییە لە بەرامبەریان دا، راستییەکەی فراکسیۆن واردی موناقشەییک نابیکە ئەوان واردی بوون. هەرچەند من پێم وایە

نەک فراکسیۆن بەڵکو تەیفی گشتی کۆمەڵە دەبێ هەڵویستێکی رۆشنیان لە بەر ئەم بێ حورمەتییانە هەبێ کە ئەمانە دەیکەن.ئەمانە دێنن خۆیان بە دڵسۆزی کۆمەڵە لە قەڵەم دەدەن بەڵام ورد ببنەوەلە قسەکانیان دەبینن ئەمانە واردی دەورانێک دەبن کە کۆمەڵە لە ئەوجی پیشرەفتی خوی دا بوو، لە ئەوجی ئینقلاب گەری خۆی دا بووە. ئەمانە دێن کۆمەڵە موتەهەمبە شت گەلێک دەکەن کە بە راستی من نەمدیوە جەریاناتی موخالفیش دژ بە کۆمەڵە شتی وا بڵێن. ئەمانە وەک هێزێکی کۆمۆنیست ئەڵبەتە خۆیان دەڵێن کۆمۆنیست نینو حکمەتیستن دێنن هەموو شتێک دژ بە کۆمەڵە بە کار دەبەن. شتێک کە بۆ من جێگەیپرسیارە ئەوەیە کە هەڵویستی کۆمەڵەیە بە گشتی. ریبەریی کۆمەڵە لە بەرامبەرئەم هەڵویستەی حکمەتیستەکان دا تا ئێستا بێ دەنگ بووە. دەکری منیش لە پاڵیەوە پرسیار بکەم "رێبەریی کۆمەڵە بۆ لە بەرامبەر ئەم هەڵویستەی کۆمۆنیزمکارگەری دا بێ دەنگن؟ ئەم بێ دەنگیتانە نیشانەی چییە؟ بۆ راگەیەنراوێکی بووچکیش نایەنە دەرەوە؟"

لایانگرانی کۆمەڵە یانی تەیفی گشتیی کۆمەڵە بۆی پرسیار نییە کە کومیتەی مەرکەزی مونتەخەبی ئاخرین کۆنگرەی کۆمەڵەکە بەحس و جەدەلی سیاسی جۆراو جۆریشی تیا بووە بە تایبەت فراکسیۆنی تێدا راگەیێنراوەو دوای ئەوەی ئینتخاباتی کردووە و کۆمیتەی مەرکەزی تێدا هەڵبژێردراوە ئایاهەق نییە ئەم کومیتەی مەرکەزییە هەڵویستێکی هەبێ لە بەرامبەر ئەمانەکە خەریکن هەموو تاریخچەی کۆمەڵە ئەوان دەیانەوێ بە ناوی خۆیانەوە تەواوییکەن؟ تاریخچەیێکی چەواشە کارانە. راستەکەسانێک وەک تاکە کەس هەڵویستیان نواندوە بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کەئیتر کومیتەی مەرکەزی کۆمەڵە یا رێبەریی کۆمەڵە ئەو سکوتەی وا کردوویەتیلە بەرامبەر ئەوانە بۆ من و بۆ زۆر کەس و بۆ دڵسۆزانی کۆمەڵە ئەوە موهیمەکە ئایا رێبەریی کۆمەڵە ئەو قسانەیانی پێ دروستە؟ دەی ئەگەر پێی دروستەرایبگەیێنێت ئەگەر نا با هەڵویست بگرێ یانی ئەوە شتێکە کە دەبێت رێبەرییکۆمەڵە تا ئێستاش ئەگەر نەیکردوە کەم کاری کردوە و لە ئایەندە دا حەتمەنەجوابی پێ بداتەوە. روو بە حکمەتیستەکان بە راستی وەک خۆم کەسیان تێدا بووە ئەم حێکمەتیستانە کە رۆژێ لە رۆژان، ئەمانە کە خۆیان بەشدار بوون لە دروستکردنی کۆمەڵە. ئەمرۆ چۆن لە بەرامبەر کەس یان کەسانێک کە هەڵیان بژاردوون بە لیدەر، گوێ ئەگرنە تەحریفاتێک، تەوهیناتێک کە ئەمانە بۆ دژی کۆمەڵە ئێژن.تەنانەت لە تەیفی حکمەتیستەکانیش دا پرسیار ئەوەیە " ئەرێ حکمەتیستەکان تۆزێ چاو بکەنۆ و چاو لە جامعەکەتان بکەن ئەرێ تۆزی واقییەت لە نەزەر بگرنلە چوارچێوەی فرقەیی و سازمانی توندرەوانە و ئیفراتی خۆتان دا کە بە غەیری خۆتان هیچی تر نابینن، وەرنە دەرەوە. بێنە ناو کۆمەڵگا چی تر لە لەندەنەوە سەیری کۆمەڵگا مەکەن تۆزێک چاو لە لایانگرەکانتان بکەن لە سنە پرسیار بکەن بزانن کۆمەڵە کێیە ئەگەر خۆتان لە بیرتان چوەتەوە. ئێوە وا دیارە بەو هەڵویست وەرگرتنەتانۆ، بەو سەر تەکان دانەتانۆ، بەو سەر شل کردنەتانۆ کە لە بەرامبەرکەسێکی وەک

کاک کورش مودەڕسی دا دەیکەن، تۆزێک ورد بنەوە بزانن واردی چ خەتاگەلێک دەبن و ئەبێ جوابگوو بن لە بەرامبەر خەڵکی کارگەر و زەحمەتکێشی کوردستاندا ئێوە گوایە لایانگری لەوانە دەکەن. ئێوە حکمەتیستەکان هێزێکتان داوەتەبەر و دەیکوتن کە زۆرینەی خەڵکی وشیاری کوردستان خۆی بەو بەڵگە دەناسێتەوە. تۆ تا ئێوارە وەرە هاوار بکە بڵێ حکمەتیست دروست ترە تازە ئەو رەوتەی کە خۆت بنیاتت ناوە چۆن دەیڕوخێنی؟ من ئومیدوارم دیسان لە ئاخری قسەکانما کە رێبەریی کۆمەڵە هەڵویستی خۆی لە بەرامبەر ئەو هەموو قسانە و هەڵویستە ناشرینانەی حیزبی کۆمۆنیست کارگەری چ بۆ ئەندامانی و چ بۆ دەرەوە رۆشن بکاتەوە